# سەرەی خەڵك و حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقە

هیدایەت مەلا عەلی

خەڵكی عێراق و كوردوستان دەیان جۆر دەسەڵات و حاكمیان بینیووە و هەریەكەیان بەجۆرێك دەسەلاتەكەی بەرێوە بردووە , پاشایەتی , كۆماری , سەربازی و تەنانەت لەم كۆتاییانەشدا جۆری دیموكراتیەتەكەی ئەمەریكاو نەزمی نوێشی چەشت , هەموو ئەم دەسەڵاتانە ئەگەر لە شێوەدا جیاواز بووبن ئەوا لە ناوەرۆكدا یەك كاریان كردووە و یەك جۆر دەسەڵات و حاكمیەتیان بەسەر خەڵكدا كردووە ,خەڵكی عێراق و كوردوستان بە باجێكی زۆر گەورە لەسەر ژیانیان وە لەسەر چارەنووسیان ئاڵوگۆری ئەم دەسەڵاتانەیان بینیووە هاتن و رۆشتنی هەریەكەیان بە هیچ جۆرێك نەیتوانیووە ئاڵوگۆرێك لە ژیانی كۆمەڵایەتی و ئاسای خەڵكدا بەرە و باشتری ئاراستە بكات , لە كاتێكدا هەموو دەسەڵاتداران و حاكمان بە ناوی خەڵك و بەرگری لەژیان و ئاوات و ئارەزوەكانیانەوە سەر دێرو مانشێتی سەدان رۆژنامە و بلاوكراوەیان پر كردۆتەوە لە كاتێكدا ئەمانە هەمووی پێچەوانەكانی راست بوون , لە سەردەستی ئەم حاكمانە لە مێژووی هاووچەرخی خەڵكی عێراق و كوردوستان هەردەسەڵاتێك كە هاتووە دیواری زیندانە كانی قایم ترو بەرز ترو دركاوی تر كردووە , هەر دەسەڵاتێك كە هاتووە پێداوویستیە زۆر سەرەتایەكان بۆتە خەو خەیاڵ بۆ خەڵك و ژیانێكی مەمرەو مەژی بە نسیبی خەڵك بووە كارەسات و شەرەكان رۆژانە بۆ پاراستنی كورسی دەسەڵات یەخەی خەڵكی گرتووەو سەدان هەزار ئینسانی كردۆتە سووتەمەنی , لە كاتێكدا نە خەڵك زانیویانە شەر لەسەرچیەو نە بۆیان هەبووە بڵێن بۆ هەموومان شاهیدی شەری ئێران و عێراق بووین نەك بۆت نەبوو بلَی بۆ ئەگەر لە مەرگ راتبكردایە یان تەسلیم بە مەرگ دەكرایتەوە یان لووت و گوێت دەبرا,ئەم دەسەڵاتانە كام یاسا كۆنەپەرستانەو دوواكەووتوانە بوویێت بەسەرخەڵكیاندا سەپاندووە وهەل مەرجی ژیان و دژی ئازادیان كردۆتە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی خەڵك , ئەگەر زۆر بەخێرای چاوێك بگێری بە

سەر ئەم مێژوو ئەم ئێستایەی خەڵکدا بێجگە شەڕ , ماڵ ووێرانی ,ئا وارەبوون , زیندان , سێدارە , ئەنفال , سووتاندن, ئەسیر کووشتن , زیندووکردنەوەی ئەوشتانەی کە کۆمەڵگا نایەوێت شتێکی تر نەبووە , خەڵکی عێراق و کوردوستان لە ئەحکامی عورفیە وە بینی بۆ حەرەس قەومی و لیوای حەرس جمهوری و کۆماندۆ و لیوای تایبەت و لەشکری مەهدی مارینز و دەیان جۆر لەشکرو یاساو دەستووری دژی ئینسانی هیچ یەکێك لەمانە نەیان تووانی ژیانێکی ئینسانی و ئاسوودە بۆ خەڵکی عێراق و کوردوستان مسسۆگەر بکەن , ئەم دەسەڵاتانە ناتوانن نووێنەرایەتی ئومێدو ئارەزوانەکانی خەڵکی بکەن ڕەنگیان و شێوەیان هەر جۆرێك بێت , لەسەر دەستی ئەم دەسەڵاتانە خەڵك ئیرادەیان زەووت کراوەو نەیانهێشتووە لە سەرەتای ترین کێشەکانی ژیانی خۆیان دەخالە تگەربن و بڕیار بدەن , خەڵك بێکارن , بێ ئەمنیەتن , بێ پێداوویستیەکانی ژیانن بەڵام دەسەڵاتداران خەریکی سەرکووتی ئەم داواکاریا نەو سەرمایە گوزاری کردنن , خەڵکی عێراق لە چوارچێوەی سیناریۆیەکی ڕەشدا مەرگی نائینسانی ترین دەسەلاتی ڕەشی ئەم سەدەیەیان بینی کە ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس بوو ,وە ئێستا ژیانێك دەگوزەرێنن کە هەرگیز قابیلی ئینسان نیە , تەقینەوە , سەربڕین ,فڕاندن , و دەیان جۆر ئینسان کوژی, بە پەنای ئەمانەوە فەسادی ئیداری و بەتاڵان بردنی داهات و ئابوری خەڵك و سەپاندنی دەستورێك کە دوورە لە ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکەوە سیمای ژیانی پڕلە ناڕەحەتی و مەرگ ئاسای خەڵکە , ئەوەی ئەم ژیان و دەسەڵاتە دژی ئینسانیانەی کردۆتە بەڵای ناهەمواری سەر ژیان و چارەنووسیان ئەوەیە کە هەموو ئەم ئاڵوگۆڕو جێگۆڕکێ سیاسی و کۆمەڵایەتیانە کە ڕوو دەدات بەدوور لە دەخالەتی خەڵك و چاودێری وچۆنیەتی دیاری کردنی چارەنووس و ئایندەیانەوەیە , بەڵام ئەوەی ئێستاو دەورەی پێشووی حاکمیەت و دەسەڵاتەکان جیا دەکاتەوە لە یەکتر باشتر یان خراپتر بوونی دەسەڵاتەکان نین بەڵکو ئەوەیە کە ئێستا خەڵکی عێراق و کوردوستان وەك جاران بێ پشتیوان نین و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە مەیدانی خەباتدایە بۆ بەرگری کردن لە ماف و داواکاریەکانیان , ئێستا خەڵك ئەتوانن حیزبێك بە هێز بکەن و بەرنامەکەی بکەنە یاسای ژیانیان کە وەڵام دەرەوەیە بە هەموو بوارە کانی ژیانیان , حیزبێك ئەمڕۆ لەسەر نان و ئەمنیەت و ئازادی خەڵك ,شەڕی دەستەو یەخە دەکات لەگەڵ دەسەڵاتێك ئەوەی بۆی گرنگ نیە ژیانی

خەڵکە , ئەم حیزبە بۆ بەرگری لە بێکاران , ژنان , منالآن , لاوان , کرێکاران , مەدەنیەت , ئەمنیەت , دەخالەتی خەڵك لە هەڵسوورِا ندایەو بەهێز کردنی ئەم حیزبەو کۆبوونەوە لە دەوری زامنی مسۆگەر کردنی ئاڵوگۆرِێکە کە ئیتر ئاڵوگۆرِ تەنها لە شێوەدا نیەو ئەوەی دەگۆرِێ ژیان و گوزەرانی خەڵکە بە رِوویەکی تە واو ئینسانی و شایستە بە ئینسانی بوونیان , هەموو دەسەلأتەکان تاقی کرانەوە هەمووی دژی خەڵکن وە ناتوانن حورمەت و کەرامەتی ئینسانەکان بپارێزن , ئەم کارە ئەمرِۆ لە ئەستۆی خەڵك و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە ,کەواتە سەرەی خەڵك وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکا ری عێراقە .

بەرەو ژیانێکی شایستە و ئینسانی بۆ خەڵکی عێراق و کوردوستان